سەرۆک وەزیرانی عێراق بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە پایتەختی ڕوسیا

سەرۆک وەزیرانی عێراق، مەحەمەد شیاع سودانی بەیانی ڕۆژی سێشەمە بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە مۆسکۆی پایتەختی ڕوسیا.

نوسینگەی ڕۆژنامەوانی کرەملن ڕایگەیاند، کە سەرۆک ڤلادیمیر پوتن ڕۆژی سێشەمە لە کرەملن لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق مەحەمەد سودانی کۆدەبێتەوە، هەر بەگوێرەی بەیاننامەکەی نوسینگەی ڕۆژنامەوانیەکە، سەرۆکی ڕوسیا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها چۆنیەتی پەرەپێدانی هاریکاریەکانی نێوان ڕوسیا و عێراق دەکات.

لە بەیاننامەیەکدا کە ئاژانسی "تاس"ـی ڕوسی بڵاویکردۆتەوە هاتووە، "لە دەی تشرینی یەکەمدا گفتوگۆکان لە کرەملن لە نێوان سەرۆکی ڕوسیا ڤلادیمیر پوتن و سەرۆک وەزیرانی کۆماری عێراق مەحەمەد شیاع سودانی بەڕێوەدەچێت"، لە ماوەی پرسەکەدا، پرسەکانی پەرەپێدانی هەماهەنگی فرەڕەهەندی نێوان ڕوسیا و عێراق و هەروەها بابەتەکانی ئێستا لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتگیر لەکۆبوونەوەیان لەسەر دەکرێت.